# له نێوان

# دادگای بەغدا و دادگای هەولێردا

**دڵزارحەسەن**

سەیر نییە لە ولاَتێکدا سیستەمی حوکمی لەو پەڕی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریەتدابێت ، مێژووی جاسووسیەت و خییانەت لە ناویدا پەرەنەسەنێت . رژێمێك تاکە دەروازەی بۆ ژیان شەڕ و خوێنڕشتن و وێرانکردن و قەلاَچۆکردنی ئینسانبێت ، بێگومان لەوها واقیعێکدا دونیایەك خەڵکی خائین و جاسووسی لێوە سەرهەڵدەدات .

هەڵبەتە دوای تێپەربوونی زیاد لە سی ساڵ بە سەر ئەو کلتووره شەرانگێز و کوشتارخوازەوە ئیدی بە چاوی خۆمان بینیمان سەرانی ئەو رژێمە کەوتنە نێو قەفەزی لێپێچینەوە و دادگاوە ، کەسیشمان لاریمان لەوە نییە کە ئەو پرۆسە دادگایکردنە بە قەت ئەوەی رووداوێکی دڵخۆشکەرە بە نیسبەت گەلی کوردەوە کە بە بەرچاوی خۆیەوە تاوانبارەکانی دادگایی دەکرێت ، لە هەمانکاتیشدا ئەو دیاردەیە بۆ دواجار فاکتەرێکە بۆ گەڕانەوەی یاسا و دادپەروەری کە بە درێژای مێژووی عێراقی سیاسی ئەو پرسە غائیب بووە تیایدا .

بەهەرحاڵ زەمەن تێپەڕی و ئەمرۆکەش ئیفرازاتی ئەو کلتورە هاتۆتە پێشەوە و ماڵی رۆژنامە ئەهلیەکانیش ئاوەدانبێت کە توانیان مەلەفی ئەو خائین و جاسووسانەی ناوەخۆ هەڵبدەنەوە ، ئەگینا وەك جاش و بەعسیەکانی دیکە کە ئێستا خاوەن پۆستن لە دام و دامەزراوە حکومیەکانی کوردستان ئەمانیش دواجار دەبوون بە پاڵەوان و نیشتیمان پەروەر لە مێژوودا و نەوەکانی ئاییندەمان دەبوا بە جوامێر و پاڵەوان سەیریان بکردبانایە !!

بڕیاری دامەزراندنی دادگایەکی عادیلانەش لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ ئەو خاوەن فایلانە جێگای دەستخۆشانەیە . بۆیە لە جێگای خۆیدایە ئەو ساتە بە گرینگترین رۆژی مێژوویی گەلی کورد دابنێین کە لە یەککاتدا تاوانباران و جاسووس و خائینان دادگاییدەکات ، بە مەرجێك ئەم جارەش ئەو خائین و جاسووسانەش بە دەردی لێبوردنەکەی راپەڕینی بەهاری 1991 نەچێت .....